

چیرۆکی وەرگێڕاو



ئۆرهان پاموک

٣-٣




لە تورکییەوە: بەکر شوانی

ماڵی داپیرەم «دایکی دایکم» ڕێک دەکەوتە بەرامبەر مزگەوتی شیشلی و لە دوایین وێستگەی پێش گەراجی ترام بوو. ئەو مەیدانە کە ئێستا پڕە لە وێستگەی ئۆتۆبووس و مینیبووسی لە هەموو لاوە بە نووسین داپۆشراو، کۆگای گەورەی چەندین نهۆمی، شوێنی کاری ئاپۆرەی زۆری ئەوانەی کە لە پشووی نیوەڕۆدا بە بابۆڵەی دەستیانەوە وەک مێرووڵە سەر شۆستەکان پڕ دەکەن و بە باڵەخانەی دزێو و بڵند دەور دراوە، ئەو سەردەمە دەکەوتە ئەوپەڕی بەری ئەوروپای ئەستەنبوڵەوە. کاتێک دە پازدە خوولەک لە ماڵی ئێمەوە بە پێ دەڕۆیشتین و دەگەیشتینە مەیدانی فراوانی بەردڕێژ و کشومات، دەست لە دەستی دایکمان و بەژێر سێبەری ریزی داری توو و ئیخلامووردا ڕێمان دەکرد، دەکەوتینە بەر شەپۆلی هەستی گەیشتن بە کۆتاییی شار.

خانووی چوار نهۆمیی لە بەرد و چیمەنتۆ بنیاتنراوی داپیرەم قیت چووبوو بە ئاسماندا و لە قوتوویەکی زراڤی شقارتە دەچوو، ڕوویەکی ڕووەو ڕۆژئاوا بۆ ئەستەنبوڵی دەڕوانی و ڕوویەکیشی لە گردەکانی بە دارتوو داپۆشراوی ڕۆژهەڵات بوو. پاش مردنی مێردی و بەشوودانی هەرسێ کچەکانی، بە تەنیا لە ژوورێکی ئەو ماڵەی سەرتاپا تژە لە دۆڵاب، مێز، تەپڵەک، پیانۆ و شتومەکی تردا دەژیا. پووری گەورەم ژەمەکانی خواردنی بۆی ئامادە دەکرد، یان خۆی بۆی دەبرد، یان دەیکردە سەفەرتاسییەوە و بە شۆفێردا بۆی دەنارد. داپیرەم نەک هەر لە ژووری خۆی نەدەهاتە دەرێ و دوو نهۆم خوارتر نەدەچووە ئاشپەزخانە تا ژەمێک خواردن بۆ خۆی ئامادە بکات، بگرە نەدەچووە ژوورەکانی تری نوقمی تاریکی و بە چینێک تۆزی ئەستوور و تەونی فراوانی جاڵجاڵۆکە داپۆشراو تا دەستێکیان پێدا بهێنێت و ڕێکیان بخاتەوە. ئەمیش ڕێک وەک دایکی خۆی کە ساڵانێکی زۆر و تا مردن بە تەنیا لە خانوویەکی گەورەی تەختەدا ژیابوو، تووشی نەخۆشیی تەنیاییی پڕ لە ڕاز بووبوو، بۆیە هەرگیز مۆڵەتی نەدەدا هەڵسووڕێنەرێک، یان ژنێک ڕۆژانە بچێتە ماڵەوە.

هەر کاتێک دەچووین بۆ سەردانی، دایکم تاوێکی درێژ لە زەنگی دەدا و مستەکۆڵەی دەکێشا بە دەرگەی ئاسنیندا. داپیرەم لە هەرە کۆتاییدا لە نهۆمی دووەم دەریوانەی ژەنگرتووی پەنجەرەی ڕووەو مزگەوتی تەشویقییەی دەکردەوە، کەمێک سەیری خوارێی دەکرد، لەبەرئەوەی متمانەی بە چاوەکانی نەبوو، و نەیدەتوانی دووریان پێ ببینێت، داوای دەکرد ئێمە بانگی بکەین و دەستی بۆ ڕابوەشێنین.

دایکم دەیگوت: "کوڕم لە شیپانەی دەرگە دەربچن، با دایکم بتانبینێت." خۆیشی لەگەڵ ئێمەدا دەهاتە ناوەڕاستی شۆستە، دەستی بۆ دایکی ڕادەوەشاند و بانگی دەکرد: "دایە

گیان، خۆم و منداڵەکانین. خۆمانین. گوێت لێمانە؟"

بە خەندەی شیرینی کتوپڕ چەکەرەکردووی سەر روخساری داپیرەماندا حاڵی دەبووین ئێمەی دیوە و ناسیومانی. یەکسەر لە بەردەم پەنجەرە دەکشایەوە، دەچووە ژووری خۆی، کلیلێکی گەورەی لە ژێر سەرینەکەی دەردەهێنا، پاش ئەوەی لە پارچەیەک رۆژنامەوەی دەئاڵاند، فرێی دەدایە خوارێ بۆ ئێمە. من و کاکم پاڵمان بەیەکەوە دەنا بۆ ئەوەی یەکێکمان کلیلەکە لە هەوادا بگرینەوە.

کاکم لەبەرئەوەی هێشتا قۆڵی دەیەشا، نەیتوانی بۆ کلیلەکە رابکات، من رام کرد لەسەر شۆستەکە هەڵم گرتەوە و دامە دایکم. ئەویش بەزۆر دەرگەی کردەوە. هەرسێکمان پاڵمان نا بە دەرگەی ئاسنەوە و هێدی هێدی کرایەوە. لە ناو تاریکییەوە بۆنی کەونارەیی، تۆزی ئاوێتەی کەرووی، کۆنی و بێ هەوایی هات. من لە هیچ شوێنێکی تر هاوشێوەی ئەو بۆنە نەچووبوو بە کەپوومدا. دز زوو زوو دەچوونە ئەو ماڵانەوە، بۆیە داپیرەم بەمەبەستی ئەوەی تێیان بگەیەنێت پیاو لە ماڵە، پاڵتۆی یەخە تووکدار و شەپقەی باپیرمی بە ئاسکی ئەولای دەرگەدا هەڵواسی بوو. لەولاتریشەوە جووتێک جزمەی باپیرەم دانرابوون و هەموو جارێکیش منیان دەترساند.

پاش کەمێک، لەوپەڕی پلیکانەیەکی تەختە کە راستەوخۆ دەچووە نهۆمی دووەم، زۆر لە دوور، لە رووناکییەکی سپیدا داپیرەمان بینی خۆی دابوو بەسەر گۆچانی دەستیدا و بێ جووڵە و وەک تارمایی لە ناو تیشکێکدا راوەستابوو کە لە جامە تەڵخەکانی پشتەوە دزەی دەکرد.

کاتی سەرکەوتنمان بە پلیکانەی جیرەجیرکەدا دایکم هیچ قسەی لەگەڵ داپیرەمدا نەکرد. جارانی تر دەیگوت: "چۆنی دایە گیان؟ زۆر بیرت دەکەم دایە گیان. هەوا فرە ساردە دایەگیان!" لە کۆتاییی پلیکانەکان بەدەم هەوڵدانەوە بۆ سەیرکردنی خاڵە گۆشتینەکانی سەر روو و زەندەکانی داپیرەم، دەستیم ماچ کرد. دیسان لە تاکە ددانی ناو دەمی، چەناگەی زۆر درێژی و تووکەکانی رووی ترساین و هەر ئەوەندەی چووینە ژوورێ، لەملاو و ئەولای دایکم دانیشتین و خۆمان لە پاڵیدا گرمۆڵە کرد. داپیرەم بە جلی نووستن و هێلەکی خووریی درێژەوە چووە پێخەوی گەورەی خۆیەوە کە زۆربەی کاتی رۆژی تێدا بەسەر دەبرد، بۆمان پێ کەنی و بە نیگاکانی داوای لێمان کرد بەزمی بۆ بگێڕین و دڵی خۆش بکەین.

دایکم گوتی: "سۆپاکەتان باش ناسووتێت دایە گیان." مقاشی هەڵگرت و کەمێک تێکی دا.

داپیرەم کەمێک چاوەڕێی کرد. پاشان گوتی: "ئێستا واز لە سۆپا بهێنە. هەندێک

«حەوادیس»م بدەرێ. چی هەیە و چی نییە لە دنیادا؟"
دایکم لە تەنیشتمان دانیشتەوە و گوتی: "هیچ شتێک لە ئارادا نییە!"
"هیچ شتێک نییە بۆ گێڕانەوە؟"
"هیچ شتێک شک نابەم دایە گیان."
داپیرەم پاش کەمێک بێدەنگی گوتی: "کەست نەدی؟"
دایکم گوتی: "دایە گیان خۆتان دەزانن..."
داپیرەم هەڵی دایێ و گوتی: "بۆ خاتری خوا تەنانەت «حەوادیس»ێکیش نییە؟"
بێدەنگییەک هاتە ئاراوە.
من گوتم: "داپیرە دەرزیمان لێ درا."
داپیرەم وەک ئەوەی زۆر سەری سوڕمابێت، چاوە شینەکانی داچەقاند و گوتی: "توخوا! ئازارتان پێ گەیشت؟"
کاکم گوتی: "قۆڵی من دێشێت."
داپیرەم بە پێکەنینەوە گوتی: "وای!"
بێدەنگییەکی تر هاتە ئاراوە و تاوێکی درێژی خایەند. من و کاکم هەڵساین، لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوە، گردە دوورەکان، دارتووەکان و کەپری کۆن و خاڵیی ناو باخچەی پشتەوەمان کرد.
داپیرەم جۆری ئەوەی لە دایکم بپاڕێتەوە، گوتی: "هەر هیچ بەسەرهاتێک نییە؟ خۆ دەچیتە سەرێ بۆ کن خەسووت. کەس نایەت بۆ ئەوێ؟"
دایکم گوتی: "دوێنێ پاش نیوەڕۆ دلڕووبا خاتوون هات. منداڵان لەگەڵ دایکان و باوکانیاندا گەمەی کاغەزیان کرد."
داپیرەم یەکسەر بە خۆشییەوە ئەو شتەی گوت کە ئێمە چاوەڕێمان دەکرد:
"ئەو لە کۆشکەوە دەرچووە!"
بێگومان دەمانزانی مەبەستی کۆشکە رەنگینەکانی وەک کێکی کرێمدار نییە کە ئەو ساڵانە لە کتێب و رۆژنامەکاندا زۆرم لە بارەیانەوە خوێندبووەوە، بگرە حاڵی دەبووین مەبەستی کۆشکی دۆڵمەباخچەیە. بەڵام دوای چەندین ساڵ حاڵی بووم داپیرەم بە سووکایەتی پێکردنەوە ئاماژەی دەکرد بۆ دەرچوونی دلڕووبا خاتوون لە حەرەمسەرای دوایین سوڵتان، واتا دەیویست بڵێت کەنیزەک بووە. مەبەستی لە سووک روانینەش تەنیا ئەو خاتوونە نەبوو کە دوای بەسەربردنی تەمەنی جوانی لە حەرەمسەرا شووی بە بازرگانێک

کردبوو، بگره مەبەستی باوکی دایکیشم بوو، چونکە لەگەڵ ئەو ژنەدا دۆستایەتی کردبوو. پاشان چووە سەر بابەتێکی تر لەو بابەتانەی هەموو جارێک لەگەڵ دایکمدا قسەیان لە بارەیانەوە دەکرد: داپیرەم هەفتەی جارێک دەچووە بەیئۆغلۆ، بە تەنیا لە ڕێستۆرانتی گران و بەناوبانگی عەبدوڵا ئەفەندی نانی نیوەڕۆی دەخوارد و پاشان بە دووروردرێژی گازندەی لە هەر شتێک دەکرد لەوانەی کە خواردبووی. بابەتی سێیەمیش بە پرسینی لەپڕی ئەم پرسیارە لە ئێمە دەستی پێ کرد: "منداڵینە، دایکی باوکتان کەرەووزتان دەرخوارد دەدات؟"

وەک ئەوەی دایکم ئامۆژگاریمانی کردبوو، هەردووکمان بەجارێک گوتمان: "دەرخواردمان نادات، نەنە."

داپیرەم وەک هەموو جارێک بۆمانی گێڕایەوە چۆن چاوی پێوە بووە لە باخێک پشیلەیەک میزی بەسەر کەرەووزدا کردووە و گوتی کێ دەزانێت ئەو کەرەووزە بێ ئەوەی بشۆردرێتەوە، دەجندرێت و دەکرێتە خۆراکی چ بێ ئەقڵێکەوە. باسی ئەوەی کرد چۆن ئەو بابەتەی لەگەڵ سەوزەفرۆشانی شیشلی و نیشانتاشیدا کە تا ئەو کاتەش کەرەووزیان دەفرۆشت، تاوتوێ کردووە.

دایکم گوتی: "دایە گیان، منداڵەکان بێزار بوون، دەیانەوێت تەماشای ژوورەکانی تر بکەن، با دەرگەی ژووری بەرامبەریان بۆ بکەمەوە."

بۆ ئەوەی ئەگەر دز لە پەنجەرەوە هاتە ژوورێ، نەتوانێت بچێتە ژوورەکانەوە، داپیرەم دەرگەی هەموو ژوورەکانی لە دەرەوە قفڵ دەدا. دایکم دەرگەی ژووری گەورە و ساردی رووەو ڕێگەی ترامی کردەوە و لەگەڵ ئێمەدا تاوێک سەیری کورسی و قەنەفەی بە سەرچەفی سپی داپۆشراو، گڵۆپ و تەپڵەک و سندووقی نوقمی تۆز و ژەنگ، تۆپەڵە ڕۆژنامەی ڕەنگ زەرد هەڵگەڕاو، پاسکیلێکی کچانەی سووکان بەرزی لەلاوە دانراو و کوشنی خەم لێ نیشتووی کرد. بەڵام بە پێچەوانەی کاتەکانی دڵخۆشبوونی، هیچی لە سندووقەکان دەرنەهێنا تا بە خۆشییەوە پێشانمان بدات. «منداڵینە، دایکتان بە منداڵی ئەم نەعلانەی لە پێ دەکرد. منداڵینە سەیری بەروانکەی فوتابخانەی پوورتان بکەن. منداڵینە، دەتانەوێت قوتووی پاشەکەوتی منداڵیی دایکتان ببینن؟»

"سەرماتان دەبێت، وەرن." ئەمەی گوت و ڕۆیشت.

من و کاکم ڕامان کردە بەردەم پەنجەرە و سەیری مزگەوتی بەرامبەر و وێستگەی ترامان کرد لە مەیدانی خوارەوە. پاشان لە ڕۆژنامەکاندا هەواڵی یارییە کۆنەکانی تۆپی پێمان خوێندەوە. دواتر من گوتم: "بێزار بووم. گەمەی سەرەوە، یان ژێرەوە بکەین؟"

کاکم بێ ئەوەی سەر لەسەر ڕۆژنامەکان بەرز بکاتەوە، گوتی: "تازە پاڵەوان لە زۆرانبازی تێر نابێت. ئێستا ڕۆژنامە دەخوێنمەوە."

ئێوارەی ڕۆژی پێشووتر و سەرلەبەیانیی ئەو ڕۆژەش هەر یاریمان کردبوو، و بەردەوام کاکم بردبوویەوە.

"تکایە."

"مەرجێکم هەیە: ئەگەر من بیبەمەوە، دوو وێنەم دەدەیتێ. ئەگەر تۆ بیبەیتەوە، یەک وێنە وەردەگریت."

"نەخێر."

کاکم گوتی: "کەواتە یاری ناکەم. وەک دەبینیت ڕۆژنامە دەخوێنمەوە."

وەک هەواڵدزی ئینگلیزی ڕەش و سپیی ناو فیلمێک کە لە ڕابردوودا لە سینەمای مەلەک دیبوومان، بە فیزەوە ڕۆژنامەی بەدەستەوە گرت. پاش کەمێک سەیرکردنی دەرەوە لە پەنجەرەوە، مەرجی کاکم پەسەند کرد.

دەستە وێنەی زنجیرەی ناودارانمان لە گیرفانمان دەرهێنا و دەستمان کرد بە یاری. لە پێشدا بردمەوە، بەڵام دوایی حەڤدە دانەی ترم دۆڕاند.

گوتم: "بەم جۆرە بەردەوام دەیدۆڕێنم. ئەگەر وەک جاران یاری نەکەین، واز دەهێنم."

کاکم بە لاساییکردنەوەی ئەو هەواڵدزە گوتی: "باشە. خۆ منیش بەنیاز بووم ئەم ڕۆژنامانە بخوێنمەوە."

کەمێک لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوەم کرد. بەوردی وێنەکانی خۆم ژمارد: ١٢١ دانەم مابوو. دوێنێ پاش ڕۆیشتنی باوکم ١٨٣ دانە بوون. نەمدەویست لەوە زیاتر خەمبار بم و مەرجەکانی کاکم پەسەند کرد.

لە پێشدا من کەمێکم بردەوە، بەڵام دیسان ئەو دەستی کرد بە بردنەوە.

ئەو وێنانەی لە منی دەبردەوە، بە خۆشحاڵی دەیخستنە سەر وێنەکانی خۆی و بۆ ئەوەی من تووڕە نەکات، هیچ پێ نەدەکەنی.

پاش کەمێک گوتی: "ئەگەر دەتەوێت با بە ڕێسایەکی تر وازی بکەین. هەر کەسێک بردییەوە، با یەک وێنە هەڵبگرێت. بەڵام ئەگەر من بردمەوە، خۆم وێنەی براوەی خۆم لای تۆ هەڵدەبژێرم، چونکە من هەندێک لە وێنەکانم نییە و تۆیش ئەوانەم بە هیچ جۆرێک نادەیێ."

بە هیوای بردنەوە پەسەندم کرد. نازانم چۆن بوو! سێ جار لەسەر یەک دۆڕاندم و تا حاڵی بووم چی ڕووی داوە، دوو دانە لە وێنەی ژمارە ٢١ی گریتا گاربۆ و وێنەیەکی ژمارە ٧٨ی

فـارووق پـاشـام دۆڕاند. کـاکم خـۆی دانەیەک لەو وێنەیەی هەبـوو. ویسـتم هـەرسـێکیـان بە جـارێک بەدەست بهێنمـەوە و یاری گەورە بـووەوە: بەو جۆرە، وێنەی ژمـارە ٦٣ی ئاینشـتـاین، ژمـارە ٣ی مـەولانا، ژمـارە ١٠٠ی سـارکیس نەزاریانی دامـەزرێنەری کۆمپـانیـای بنێشت و شـەکـرلەمـەی مـامبـۆ و ژمـارە ١٥ی کلیـۆپـاترا کـە من لە هـەریەکـەیان دانەیەکم هەبوو و ئەو هیچیانی نەبوو، بە دوو دەست یاری لە دەستم دەرچوون.

پێم قـوت نەدەچوو. لەبەرئەوەی ترسی گریانم هـەبوو، بـەرەو پەنجـەرە رام کـرد و تەمـاشـای دەرەوەم کـرد: نێزیکبـوونەوەی ترام لە وێسـتگە، ئەو ئەپارتمـانە دوورانەی لە نێوان لق و چڵی دارە رووتەڵەکانەوە دەبیندران، سـەگێکی پـاڵکەوتوو لەسـەر جـادەی بەردرێژ و خـۆ خـوراندنی تەمەڵانەی و هـەمـوو شتێکی ئەو ناوە تا پێنج خوولەک لەوەوبەر چەند جـوان بوون! ئاخ، ئەگەر وەک یاریی زار و پێشـبـڕکێی ئـەسپ پێنج جـار بگەڕابایـنـە دواوە... ئەو کـاتە هـەرگـیـز لەگـەڵ کاکمدا یاریی سەرەوە، یان ژێرەوەم نەدەکرد.

ناوچەوانم نابوو بە جـامی پەنجـەرەکـەوە و بێ ئەوەی لەوێ بکێشـمـەوە، گـوتم: "جـارێکی تر یاری بکەین؟"

گوتی: "یاری ناکەم. تۆ دەگریت."

بە جـۆشـەوە چووم بۆ لای و گـوتم: "سـوێند دەخـۆم ناگـریم. بەڵام با وەک جـاری یەکـەم بە مەرجی یەکسان وازی بکەین."

"رۆژنامە دەخوێنمەوە."

گـوتم: "باشـە." دەسـتـەی وێنەکانم کـە تـا دەهات تەنک دەبووەوە، تێک دا: "بە مـەرجـەکـانی پێشوو. بڵێ، سەرەوە، یان ژێرەوە؟"

گوتی: "گریان نییە، باشە؟ سەرەوە."

من بردمـەوە و دانەیەک لە فەوزی چاکماکـەکانی بۆم درێژ کـرد. وەرم نەگرت: "تکایـە ژمـارە ٧٨ی فاروق پاشام دەدەیتەوە؟"

گوتی: "نەخێر، ئێمە وامان نەگوتبوو."

دوو جــاری تریش وازیمان کـرد، من دۆڕانـدم. نەدەبوو یاریـی سـێـیـەم بکەم: بـەدەسـتـی لەرزیوەوە وێنەی ژمارە ٤٩ی ناپۆلیۆنم دایێ.

کاکم گوتی: "ئیتر گەمە ناکەم."

لێی پـاڕامـەوە. دوو جـاری تر یاریمـان کـرد و لە بری ئـەوەی وێنە داواکـراوەکـانی بدەمێ، دەسـتـەی وێنەکـانی ناو دەسـتم بەسـەر سـەری و بە هـەوادا تـووڕ دا: گـشت ئەو ٢٨ی مـای

ویست، ۸۲ی ژۆل ڤێرن، ۷ی محەمەد فاتیح سوڵتان، ۷۰ی شاژن ئەلیزابێت، ٤١ی ڕۆژنامەنووس جەلال سالیک و ٤٢ی ڤۆلتەر کە ماوەی دوو مانگ و نیو بوو هەموو ڕۆژێک بیرم لە دانە بە دانەیان کردبووە، بە وردی شاردبوومنەوە و بە دەربەستەوە کۆم کردبوونەوە، بە هەوادا فڕین و پەرش و بڵاو بوونەوە.

ئاخ ئەگەر لە شوێنێکی تەواو جیاواز، ژیانێکی تەواو جیاوازم هەبووایە. بێ ئەوەی بچمە ژووری داپیرەم، بە بێدەنگی بەسەر پلیکانەی جیرە لێ هاتوودا چوومە خوارەوە و بیرم لە خزمێکی دوورمان و کارمەندی بیمە دەکردەوە کە خۆی کوشتبوو. دایکی باوکم گوتبووی ئەوانەی خۆیان دەکوژن، لە چاڵێکی ڕەشی ژێر زەویدا دەمێننەوە و ناچنە بەهەشت. زۆر باش لە پلیکانەکان هاتبوومە خوارێ و لە ناو تاریکیدا ڕاوەستام. پێچم کردەوە و سەرکەوتمەوە سەرێ. لەسەر دوایین پلیکانەی تەنیشت ژووری داپیرەم دانیشتم.

داپیرەم گوتی: "خەسووت لێرە دەستی ناڕوات. دەبێت ئاگات لە منداڵەکانت بێت و چاوەڕێ بکەیت."

دایکم گوتی: "بەڵام دایە گیان، دیسان تکاتان لێ دەکەم، دەمەوێت لەگەڵ منداڵەکاندا بگەڕێمەوە بۆ ئێرە."

داپیرەم گوتی: "ناتوانیت بە دوو منداڵەوە لەم ماڵە تۆزاوی و رووگەی خێو و دزاندا بژیت."

دایکم گوتی: "دایە گیان، پاش ئەوەی خوشکەکانم شوویان کرد و ڕۆیشتن، لە ساڵانی کۆتایی باوکی خوالێخۆشبوومدا هەرسێکمان چەند جوان پێکەوە لێرە ژیاین!"

"مەبرووەی خۆم، بە درێژایی ڕۆژ سەیری کۆنە کۆواری نەخش و نیگارداری باوکت دەکرد."

"سۆپای گەورەی خوارەوە دادەگیرسێنم و ئەم ماڵە بە دوو ڕۆژ گەرم دادێت."

داپیرەم گوتی: "کاتی خۆی پێتم گوت شووی پێ مەکە."

دایکم گوتی: "بە دوو ڕۆژ لەگەڵ ژنێکدا گشت تۆز و پۆخڵیی ئەم ماڵە ناهێڵم."

داپیرەم گوتی: "من مۆڵەت نادەم ژنانی خزمەتکاری دز بێنە ئەم ماڵەوە. گسکدانی تۆزی ئەم ماڵە و پاککردنەوەی لە تۆڕی جاڵجاڵۆکە شەش مانگی دەوێت. تا ئەو کاتەش مێردی ئەقڵ لە هەوات بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە."

دایکم گوتی: "دایە گیان، ئەمە دوایین قسەتان بوو؟"

"مەبرووەی شیرینم، کچی جوانم، ئەگەر منداڵەکانت هەڵبگریت و بێیتە ئێرە، ئێمە هەردووکمان بەچی بژین؟"

"دایە گیان، پێش ئەوەی دەست بەسەر پارچە زەوییەکەی بەبەکماندا بگیرێت، چەندین جار تکام کرد و لێتان پاڕامەوە بیفرۆشین."

"من ناتوانم بچمە تاپۆ و واژۆ و وێنەی خۆم بدەمە ئەو مرۆگەلە قرێژە."

دایکم دەنگی بەرز کردەوە و گوتی: "دایە گیان بۆ ئەوەی ئەم قسەیە نەکەن، من و دادەم نووسیاری دادمان تا بەر دەرگەی ماڵ هێنا."

داپیرەم گوتی: "بەهیچ کلۆجێک متمانەم بەو نووسیاری دادە نەبوو. بە رووخساریدا دیار بوو چەند قۆڵبڕە. لەوانەیە نووسیاری دادیش نەبووبێت. بەو جۆرەش بە دەنگی بەرز لەگەڵ مندا مەدوێ."

دایکم گوتی: "باشە دایە گیان، قسە ناکەم!" رووی قسەی لە ئێمە کرد لە ژوورەوە بانگی کرد: "منداڵینە، منداڵینە، خۆتان کۆ بکەنەوە، دەڕۆین."

داپیرەم گوتی: "ڕاوەستە، بۆ کوێ! خۆ جارێ دوو قسەمان نەکردووە."

دایکم بە چرپە گوتی: "دایە گیان، ئێوە ئێمەتان ناوێت."

"ها ئەوە بگرە، لوقم بدەرە منداڵان."

دایکم گوتی: "با پێش نانی نیوەڕۆ نەیخۆن." لەو ژوورە هاتە دەرێ و لە پشت منەوە چووە ژووری بەرامبەر و بە کاکمی گوت: "کێ ئەم وێنانەی فڕێ داوە؟ یەکسەر کۆیان بکەنەوە. تۆش یارمەتیی بدە."

ئێمە دەستمان کرد بە کۆکردنەوەی وێنەکان و دایکیشم سەری سندووقە کۆنەکانی هەڵدایەوە و تەماشای جلوبەرگی سەردەمی منداڵی و پەردەی نەخشین و قوتووەکانی ناویانی کرد.

تۆزی ژێر پەیکەری ئامێری رەش و پایەرداری دروون قوڕگمی دەبرژاندەوە، ئاوی لە چاوم دەهێنا و لووتمی پڕ دەکرد.

کاتێک لە هۆڵی بچووک دەستمان دەشۆری، دەنگی نەرم و پڕ لە پاڕانەوەی داپیرەم هاتە بەرگوێمان: "گیانەکەم مەبرووره، ئەم کتری و قۆرییە ببە، تۆ زۆر دڵت پێیانەوەیە، مافی خۆتە. باپیرەم ئەو سەردەمەی والیی شام بووە، بۆ دایکی خۆشەویستمی هێناوە. لە چین و ماچینەوە هاتووە. تکایە بیبە."

دایکم گوتی: "دایە گیان، من لەمەودوا هیچ شتێکم لێتان ناوێت. ئەویش بنێنە دۆڵاب، ئەگەر نا، دەیشکێنن. دەی منداڵینە، دەستی داپیرەتان ماچ بکەن."

داپیرەم دەستی بۆمان درێژ کرد تا ماچی بکەین و گوتی: "گیانەکەم مەبرووره، کچی

جوانم، نەکەیت لە دایکی بەلەنگاز و داماوت زیز بیت. تکات لێ دەکەم من لێرە بێ سەردان و بێ کەس مەهێڵە."

بەخێرایی بەسەر پلیکانەکاندا هاتینە خوارێ، هەرسێکمان دەرگەی گەورەی ئاسنینمان راکێشا و کردمانەوە، لە دەرەوە تیشکی جوانی خۆرمان دی و پڕ بە سییەکانمان هەوای پاکژمان هەڵمژی.

داپیرەم لەوسەری پلیکانەکانەوە بانگی کرد: "دەرگەی دەرەوە باش پێوە بدەن! مەبرووە، ئەم هەفتەیە دیسان وەرە. دێیت، وا نییە؟"

بێ ئەوەی هیچ قسە بکەین، دەستی دایکمان گرت و کەوتینە رێ. تا بەرێکەوتنی ترامی دوایین وێستگە بەدەم گوێگرتن لە کۆکینی رێبوارانەوە بێ دەنگماینەوە. پاش ئەوەی ترام کەوتە جووڵە، من و کاکم بەبیانووی دانیشتن لەسەر ئەو کورسییەی کە لێخووڕی ترامی لێوە دیارە، چووینە ریزی پێشەوە و دەستمان کرد بە گەمەی سەرەوە، یان ژێرەوە. هەندێک لەوانەی پێشتر دۆڕاندبووم، سەرلەنوێ بەدەستم هێنانەوە. بەو خۆشییەوە یاری گەورە بووەوە و بەخێرایی دەستم کرد بە دۆڕان.

کاتێک گەیشتینە وێستگەی عوسمانبەی، کاکم گوتی: "با لەسەر پاشماوەی وێنەکانت یاری بکەین."

یاریم کرد و هەموویم دۆڕاند. بێ ئەوەی بهێڵم چاوی پێوە بێت، دوو دانە لە وێنەکانم جیا کردەوە و ئەوانی ترم دا بە کاکم. چوومە ریزی پشتەوە بۆ کن دایکم. نەدەگریام. وەک دایکم بە خەمباری لە پەنجەرەوە روانیم بۆ دووکانی ئەنتیکەفرۆشان، نانەواخانەکان، نەخش و نیگاری دووکانی محەلەبیفرۆش، سینەمای تان کە فیلمەکانی رۆما و ماسیس و هەرقلی ناو فیلمەکانمان تێدا بینیبوو، ئەو مندالانەی لە پاڵ دیوارێکی کەمێک لەولاوە راوەستابوون و رۆمانی بە نەخش و نیگاریان دەفرۆشت، سەرتاشێکی مقەست تیژ و مایەی ترسانی من، شێتی نیوە رووتی گەڕەک و بەردەوام راوەستاوی پێش دەرگە و چۆنیەتیی روانینی بۆ ناڵەی خەمگینی ترام و بە رێکەوتنی لەسەرخۆی و پاشان خێرابوونی. ئێستا هیچ کامێک لەو شتانە لە ئارادا نەماون.

لە وێستگەی حەربییە لە ترام دابەزین. بەدەم رۆیشتنمانەوە بۆ ماڵ، بێدەنگی و رازیبوونی کاکم لە ژیانی خۆی خەریک بوو منی شێت دەکرد. وێنەی لیندبێرگی شاراوەم لە گیرفانم دەرهێنا.

یەکەم جاری بوو ئەو وێنەیەی دەبینی. بە سەرسامی خوێندییەوە: "ژمارە ٩١ی لیندبێرگ!

بەو فرۆکەیەوە کە بەسەر ئۆقیانووسی ئەتڵەسیدا پێی فڕی! ئەمەت لە کوێ دەستکەوت؟"

گوتم: "من دوێنێ نەکوترام. زوو هاتمەوە بۆ ماڵ و باوکمم دی پێش ڕۆیشتنی. ئەو بۆمی کڕی."

گوتی: "کەواتە نیوەی هی منە. لە دوایین یاریشدا گوتبوومان پاشماوەی سەرجەم وێنەکان." بە مەبەستی فڕاندنی وێنەکە لە دەستم هەڵمەتێکی بۆم هێنا، بەڵام نەیتوانی بیبات. مەچەکمی گرت و خەریک بوو بای دەدا، بەڵام من شەقێکم دا لە ڕانی. دەستمان نایە یەخەی یەکدی.

دایکم هاواری کرد: "ڕاوەستن! ڕاوەستن! لە ناوەڕاستی شەقامدا!"

ڕاوەستاین. پیاوێکی کراڤات لە مل و ژنێکی شەپقە بەسەر بەلاماندا تێ پەڕین. زۆر شەرمم کرد لەوەی لە شەقام بەیەکدا هەڵپژابووین. کاکم دوو شەقاو ڕۆیشت و خۆی دا بە زەویدا. ڕانی گرت و گوتی: "زۆر دێشێت."

دایکم بەچرپە گوتی: "هەڵسە، هەڵسە دەی. هەموو خەڵک تەماشا دەکەن."

کاکم هەڵسا و وەک سەربازی بریندارى ناو فیلمەکان بە هەنگەڵەشەلێ ڕێی دەکرد. ترسی ئەوەم هەبوو بەڕاستی ئازاری هەبێت، بەڵام هەمان کات بە بینینی حاڵی، لە ناخەوە ئاسوودە دەبووم. بێ ئەوەی دەم بکەینەوە، هەندێک ڕۆیشتین و پاشان گوتی: "لە ماڵ پێشانت دەدەم." بە دایکمی گوت: "دایە، عەلی دەرزیی لێ نەدراوە."

"لێم درا، دایە."

دایکم هاواری کرد: "بێدەنگ بن!"

گەیشتبووینە بەرامبەر ماڵ. بۆ ئەوەی بپەڕینەوە بۆ بەری ماڵی خۆمان، چاوەڕێی تێپەڕینی ترامی لە ماچکاوە هاتووەمان کرد. دوای ئەو بارهەڵگرێک، ئۆتۆبووسی بەگرم و هوڕی بێشکتاش بەدەم دەردانی دووکەڵی ئەگزۆزەوە و لەو بەریشەوە ئۆتۆمبیلێکی تایبەت و ڕەنگ سونبولیی جۆری دێسیتۆ تێ پەڕی. لەو ساتەدا بینیم مامم لە پەنجەرەوە سەیری شەقامی دەکرد. ئیمەی نەدیبوو؛ تەماشای ئۆتۆمبیلەکانی بەوێدا تێپەڕبووی دەکرد. منیش تاوێکی درێژ بۆ ئەوم ڕوانی.

لە زووەوە ڕێ کرابووەوە. ڕووم لە دایکم کرد بۆ ئەوەی بزانم بۆچی دەستمان ناگرێت و نامانپەڕێنێتەوە بۆ ئەوبەر. بینیم لەسەر خۆ دەگری.

سەرچاوە: ڕەنگەکانی تر «وتاری هەڵبژاردە و چیرۆکێک»، ئۆرهان پاموک، چاپخانەی ئیلەتیشم – ئەستەنبوڵ، چاپی دووەم، ١٩٩٩.